# Axêznamey Kurdan

# ئاخێزنامەی کوردان

# ( ڕێکەوتی دەورانی تفاق)

ئاوایە...! مرۆڤ، ئەگەر بە تەواوی لە ڕاستییەکانی بار و دۆخی ئێستایی پێگەی خۆی تێبگات، یاخی دەبێت و سەرهەڵدەدات. هەر بۆیە دەبێ هزری ڕادیکاڵ و بنچینەیی توندترین هەڵوێستی لە پێگەی ئیستیسالەوە هەبێ، تا مرۆڤی هاوچەرخ و ئەمڕۆیی بە تێگەیشتن لە مەترسیەکان و تاریکییەکانی سەردەم، بێتە دی.

میدیا بە کۆمەڵ وەهم بەرهەم دەهێنێت و بەرهەمی وەهمیش تەسلیم بوون و بێ دەنگی و خەساویە!، بێ ئومێدی جیهانی گرتۆتەوە.

- کێیە ئەوەی تۆمەتی تیرۆریست بوون نەدراوەتە پاڵی؟

- کێیە ئەو کەسەی داخی قەرزداری لە ناوچاوانی نەدرابێت؟

- چۆن ژیاون ئەوانەی بڕوایان بە دینەکانی لیبرال دیموکراسی و سوسیال دیموکراسی نەهێناوە؟

- لەکوێیە ئەو بستە زەمینەی لە ژێر چەپۆکی " دەولەتە یەکگرتووەکانی دژی مرۆڤایەتی" نییە؟

پەی بردن بە راستیی بار و دۆخی بەشەر لەم ”یەکگرتوویە پیرۆزە“ دا، لە دژی جیهانی مرۆڤایەتی و مەردم و مەردمبوون، سەرهەڵدان دەکاتە زەرورەت و ڕاپەڕین دەکاتە کارێکی لە پێشینە. ”ئاخێزنامەی کوردان“ ئەم زەرورەت و ئەولەویەتە دەخاتە بەرچاو.

**سەردەمی ئیمپراتۆرانی کۆلۆنیالی دەریایی؛**

**-کۆمپانیا دەوڵەت سازەکان،**

دەریا بێ ئەندازە بێ گوناح، ملکەچ، دڵپاک و نەرم و نیان ئەنوێنێت، ئەم نەرم و نیانییە دەریا دەکاتە پڕ مەترسیترین و بەهێزترینی عونسورەکان، ئینسان لە بەرامبەر ئەم هێز و مەکرە جگە لە پارچەدارێک هیچی نییە و کاتێ کە لەسەری دادەنیشێ تەنیا پشتی بە لێزانی، دلێری و فێلبازی خۆی گەرمە. کەشتی پڕ شکۆترین نیشانەی دلێری و فەهمی ئینسانە. (هێگل)

ڕوبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شارستانیەتەکانیتر و جەماوەرەکانیان بۆ ئەورووپیەکان مەترسیدار بوو، هەروەکوو بەرنگاربوونەوە لەگەڵ دەریا هەروەها کەرەستەکانیشیان ئاستەنگ بوو. ئەمە بووە هۆکاری ئاڵۆزترکردن و نەرمتر-کردن و بە خۆجێیی نواندنی شێوازەکانی سوڵتە لە لایەن ئیمپڕاتۆڕانی کۆلۆنیالیی دەریاییەوە تا بە حوکمی کارزانی و فێڵبازی، کەشتیی ئینقیادی ئابووری-سیاسی و کۆمەڵایەتی-موئەسەساتیی خۆیان بەرو پێش بەرن.

هۆکاری سەرەکیی گەشەکردن و گوڕانکاریە گەورەکان و دەستکەوتەکانی کۆمپانیا دەوڵەتسازەکانی ئەورووپی لە هەموو بوارەکانی ئابووری، دین، فەرهەنگ، زانست و سیاسەت لە سەدەکانی دواتر دەریانەوەردی و ئاشنایەتی بە شارستانییەتەکانی دیکەی جیهان بوو.

هەر وا کە تاڵانی زێڕ و زیوی ئەمریکای لاتین "سەرمایەی دەستپێک" ی مومکین کرد  چیرۆکەکان، ئەفسانەکان، شێوەی ژیان، کەلتووری خواردن، ڕووەکناسی، جۆراوجۆریی بەرهەمەکان و ناسینی شێوازەکانی تری بەرهەمهێنان، "سەرمایەی دەستپێکی" لە بوارەکانی فەرهەنگ، سیاسەت، دین، زانست و هونەر فەراهەم کرد.

ئەم دەستکەوتانە نەک بوونە هۆی گۆڕانکاری زۆر گەورە لە ناو دڵی کۆمەڵگای ئەورووپی و دەستپێکی بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ لە هەموو بوارەکان بەڵکوو لەخۆباییبوون بە سەر جیهانی غەیری ئەورووپی-جودۆکریستیانی و بە کەم زانینی غەیری سپی پێستەکان وهەوڵدان بۆ هەتاهەتایکردنی ئەم سەرتربوونە وەهمیەی بە دواداهات.

مێژووی جیهان تەنها مێژووی ئەورووپا نییە، مێژووی ئەورووپاش خۆی مێژووی شەڕی چینایەتی نیە، بەڵکوو تاریخی سیاسی تەوجیهی سوڵتەیە بە سەر مێگەل دا، ئەم سوڵتەیە لە سەر دو کۆڵەکەی سەرەکیی دینی یونیڤێورساڵ و نەزمی ئیمپراتۆریی جودۆکریستیانی بووە وهەر بەردەوامە.

دژایەتی لە جەنگدا ڕەنگ ئەداتەوە، شەڕ دوایین و تاقانە بڕیاردەرە. لە حاڵێکدا شەڕەکانی ئەورووپا بەرهەمی دژبەیەکی نێوان دەسەڵاتداران بووە و مێگەلی ڕەعیەت-وەرزێڕ سەربازانی کرێگرتەی ئەم شەڕانە بوون. ژمارەیەکی مەزنی مێگەلی بە کۆیلە کراو کە لە ئەورووپای هەزار ساڵە دا لە ژێر ڕەوایەتی یەهودی-مەسیحی و دەسەڵاتی کلیسا، مۆنارش و ئەشرافی زەمیندار بوون. مێگەلێک کە دواتر وەک "بێ هەمە چیزان" ی شاری، هێزی زۆر و بۆری سەر شەقامەکان بوون بۆ ئینقلاباتی لیبڕاڵیی بۆرژواکان.

تا سەردەمی ستایشی مارکس و ئێنگێلس لە شۆڕشگێڕانی بۆرژوا و ئینقلاباتی بۆرژوازی هیچ مەردمێکی خاوەن ئەجێندا و ئینسانگەلێک بە ئیرادەی ئازادەوە بوونیان نەبووە کە خۆیان دژبەیەکی و تەزادێکیان دروست کردبێت کە بە شەڕ لە  پێناو ئەم تەزادە دا جیهانێکی نوێیان ئافراندبێت.

شۆڕشی فەرەنسا نە بە لە دایکبوونی خەڵک، بەڵکو بە ئاگری تۆپخانەکانی ناپلیۆن و لەشکرکێشییە یەک لە دوای یەکەکانی بوو کە نەزم و پەیوەندییەکانی فیوداڵی لێک پچڕاند.

پێکهێنانی گشتێکی مێگەلی بە کۆیلە کراوی ئەورووپی ئاواتێک بوو کە بە مەسیحی بوونی دوایین خێڵەکانی ( ڤایکینگ و سلاڤ) لە ژێر چەمکی ئەوروپای مەسیحی هاتە دی و تەنیا بڕگەیەکی لە مێژوو، کە دەیتوانی دۆکیومێنتێکی مێژوویی و گوزارشتێک بێ لە دژایەتی و شەڕی چینایەتی، لەبار برد. سەردەمێ کە ڕەعیەت-وەرزێڕەکان لە لایەن خاوەن زەویە گەورەکان جواب کران و بۆ دەیان ساڵ بونە قەبایلی برسیی سەرگەردانی دەوری قەڵاکان و بورگەکان تا لە کۆتاییدا بکرێنە هێزی کرێگرتەی بەرهەمهێن.

مارکس و ئێنگێلس زۆر بە باشی ئەم ڕاستیە دەزانن هەر بۆیە ستایشی بۆرژوازی دەکەن کە بە پێکهێنانی چینی زۆرینەی پرۆلیتاریا پۆتانسیێلی مەردمسازیان بۆ یەکەمجار لە ژیانی ئەوروپای بە کۆیلەبوودا دروستکرد.

زەرووری بوو کە پرۆلیتاریا ببێتە سەربازی " بێ هەمەچیزسازان" بۆ بێ هەمەچیزکردنی خەڵکان، بۆیە ڕاستە کە لە بێ هەمەچیزکردنی بێ هەمەچیزاندا دوو باسکی ڕاست و چەپ لە یەک بەرەدا دەجەنگن، مێگەلێک کە قەت ئازاد نەبوو و تامی یەکسانی و برایەتی نەچەشتبوو بە دروشمەکانی ئازادی، یەکسانی و برایەتی کرا بە هێزی زۆر و بۆری سەر شەقامەکان لە خزمەت ئەجێندای بۆرژوازی دا.

دەنا وەهمی شۆڕشی کرێکاری لە پشتی دروشمەکانی "پرۆلیتاریا لەم شورشەدا بێجگە لە زنجیرەکانی هیچ لە دەستنادات بەڵکوو جیهانێک بە دەستدێنێ" یان " کرێکارانی جیهان یەک گرن" مومکین نەبوو.
هەر بۆیە پرۆلیتاریا قەت نەبوو بە مەردم و هیچ کات یەکینەگرت و هیچ شۆڕشێکیش لە کارخانەوە سەری هەڵنەدا.

گرامشی ئەم شکستانە لە هێژمونی "فەرهەنگی بە سروشتی کەر" دا بەرجەستە دەکات.

بۆیە مرۆڤی بە کۆیلەبووی جودۆکریستیانی بە ئەخلاقیاتی نەویی کۆیلەسازی یەهوودی-مەسیحی، ژێردەستەیی و بەندەگی و زوڵم وەک بەڵای بوومەلەرزە و لافاو و پەتا بە سروشتی دەزانێ.

**- کۆمپانیگەلی مێریکانتیێل،**

بازرگانانی دەریانەوەردی ئەورووپی زوو تێگەیشتن،کە ڕێگەی گەشەکردن و دەوامی دەسەڵاتیان بە تەنیا ئاڵوگۆڕ نییە، بەڵکو دەبێ پەیوەندی کڕیار و فرۆشیار بگۆڕدرێت بە ئاغا و ڕەعیەت. پشت بەستن بە بازاڕی ئەورووپا بە تەنیا، ئەگەری پەرە سەندنی ئاستەنگ دەکرد بۆیە پێویستیی بە بازاڕە تازەکان بە باشی هەستی پێ دەکرا.

**سێ هۆکار ئەم گۆڕانکارییەیان هێنایە دی:**

١- ڕەوایەتی سەرساز(دین)

٢- بنیادنان و دروست کردنی شارەکان

٣- کاڵای ئێعتیاد-هێنەر(شەکر،توتن،قاوە،چا و تریاک)

ناکرێ ڕۆڵی تایبەتی هیندستان لە ئاسان کردنی ئەم سێ هۆکارەی سەروە لە بەر چاو نەگیرێ. هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری دین و ئایینە جیاوازەکان و گەنجینەی مەزنی زمانە جۆراوجۆرەکان لە پەیوەندی لەگەڵ فەرهەنگی ئەوداڵی و ڕەبەنی و سکهەڵگوشین و عیرفان، ژمارەی زۆری دانیشتوان و هێزی بەرهەمهێنی نەدار کە بە ئاسانی ڕاگواستنیان مومکین بوو، هەروەها بەهارات، تریاک، چا و قوماشی هەرزان بایی لە هۆکارەکانی ئەم تایبەتمەندییەی هیندستان بوون.

وڵاتی کوردان و جیهانی ئیختیار و ئازادی کوردی کە بە هێز و لەشکرکێشی داگیر نەدەکرا، لە ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەیەم دا کەوتە بەر هێرشی کاڵایی و هاکی سیستمیک و هاوکات لەگەڵ هاتنی توتن، چا، شەکر، قاوە و تریاک، بارەگاکانی دانایانی کورد بەرە بەرە کرایە مەڵبەندی تەکیە و خانەقاگەلی عیرفانی و ئایینی کوردان کرایە دەروێشی و سۆفیگەری.

ئەو چیرۆکە ساختەیەی کە گوایە وڵاتی کوردان لە لایەن سوپای عەرەبی موسڵمان فەتح کراوە، چەوتی و درۆیەکە لە لایەن دەزگای جودۆکریستیانی-وە هەڵبەستراوە. چون هاتن و سەپاندنی هەر دینێک بە سەر کۆمەڵگایەکدا لە ڕێگەی شەریعەت و ڕێ و ڕەسمی ئایینیەوە مومکینە، بۆیە قەبووڵکردنی ئیسلام تەنیا لە ڕێگای عیرفانی یەهوودی-هیندیەوە،کە لە سەر دوو کۆڵەکەی تەریقەت و حەقیقەت وێستاوە، مومکین بوو.

هەڵبەت تەکیە و خانەقا بە بێ دابینکردنی سەرگەرمی و هەندێک خزمەتگوزاری جێگەیان نەدەگرت و قەبووڵ نەدەکران. وەها بوو کە یەکەمین ئیستیسمار و چەوساندنەوە ڕەنگێکی ئیلاهی گرت تا کۆمەڵە شوێنکەوتوانی ئەم تاقم و دەستە تەریقەتیانە ببنە هێزی شاراوە و ئامادە بۆ هەنگاوەکانی دواتری ئەم فۆرمە گۆڕینە سیستمیکە. دەزگای خانەقایی-تەکیەیی بە کۆکردنەوەی حەشیمەت و دروستکردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان ئامادەی قۆناغەکانی دوایی دەکات.

دەستگرتن بەسەر زەویەکاندا بە شێوەی ئیلاهیاتی یان ئایینی کە دواتر لە فۆرمی پێشکەوتووی زەویە وەقفیەکان دا دەرکەوت و ئیستغلالی پیرۆزی خۆویستانە لە ژێر ناوی کاری وەقفی و نەزری و بە کاڵا کردنی زەوی، کە یاسای میراتی ئیسلامی مەشروعیەتی کۆمەڵایەتی پێئەدا، ڕێگەی بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی وەکوو کاڵا خۆشکرد تا زەوی، کە تاقە سەرچاوەی بژێوی و داهات بوو بەرەبەرە لە دەستپێگەیشتنی هەمووان بێتەدەر. هاتنەئارای قەواڵە بۆ یەکەمجار هەر لەم سەردەمەدا بوو.
دوای ئەوەی ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتیە سەرەتاییانە لە لایەن، تەکیە و خانەقاکانەوە کە لە ڕواڵەت دا دژی یەک بوون ئەنجام درا، هەڵهێنانی هەنگاوی دوایی کە ساختەکردنی هۆزەکان، خاوەن زەوی گەورەکان، دەولەکان و پاشاکان هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شارسازی بوو، زەرورەتی پەیدا کرد.

خاوەندارێتی بە کۆمەڵ بە سەر لەوەڕگە و زەوی و دارستانەکان و هەروەها بەربڵاوی سەرزەمیەنەکەیان بوو بووە هۆی بەخۆبژێوی و دەوڵەمەندی خەڵکی کوردەوار، هەر بەم هۆیەوە نەیاندەتوانی دانیشتوان و خەڵکی خاوەن وڵات بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆلۆنییەکان (شارە تازە دروستکراوەکان) بە کار بێنن، بۆیە کۆمپانیا بازارسازەکان بە گواستنەوی کۆمەڵە بە کۆیلە بووەکانی دەور و پشت واتا گورجیەکان، ئەرمەنیەکان، ئاسوریەکان، جوولەکەکان، تورکەکان و هیندیە پارسیەکان هەنگاوی دواتری حەپەلووشکردنی کوردەواریان هەڵگرت.
ساختەکردنی زەمینداری خاوەن تایتڵ دروستکردنی سیستەمێکی دەوڵەتی بە کۆلۆنیە تازە سازکراوەکان مومکین کرد. ئەمانە بە دابینکردنی سەرچاوەی بەرهەمهێن بۆ بازار یەکەمین بوون لە کشتوکاڵی تایبەت بۆ بازرگانی. هێزی بەرهەمهێنی دەستەمۆ و قابیلی ئیستغلالکردن کە پەروەردەی تەکیە و خانەقاکان بوون زۆر زوو وەکوو ڕەعیەت کەوتنە خزمەت داگیرکاری ئیلاهی و دوژمنکارانەی زەویە بەربڵاوەکانی سەرزەمینی کوردان بۆ کشتوکاڵی بازرگانیی چا و توتن و تریاک (بە پێی سروشت و لەباریی زەویەکە بۆ هەر کام لەو بەرهەمانە).

تەکیە و خانەقا بە بەئەرشیڤکردنی قەواڵەکان، پەیماننامەکان، دیوانە شێعر و مێژووی نووسراو و نووسراوە عەرەبی-فارسیە ساختەکان، چینی دەسەڵاتدار و خاوەن موڵکی تازە پێگەیشتوویان لە نەزمی دارولخیلافەی تاران و ئەستەمبوڵ جێگیرکرد تا وێنەیەک لە دەسەڵاتی ئینقیادی لەم سەرزەمینەدا بهێننە پێش چاو، وێنەیەکی ئەزەڵی-ئەبەدی!. بەڵام نەبوونی دەزگایەکی چڕکراو و پتەوی ئایینی کە لە مزگەوتگەلی فراوان و پڕ شکۆ دا خۆی بنوێنێ کە بتوانێ هەبوونی خەلیفەی موسڵمانانی جێنشینی پێغەمبەر (کە ڕزگاری ئۆمەتی موحەممەد لە دنیا و ئاخیرەت بە ئەرکی خۆی دەزانێ) بسەلمێنێت، ئەم وێنە درۆیینە بەتاڵ دەکاتەوە.
هەرچەند کەناری دەریاکانی کوردەوار بوو بە ناوەندی خەلافەتسازی و بنیادنانی شارە کۆلۆنیالیەکان لە سەر بنەڕەتی " قاوەخانە، ئەمرەدخانە، قەحبەخانە، تریاکخانە و بازار" تا لە پاش گۆڕانکارییە پیشەسازیە مەزنەکان تێپەڕبوون بۆ قۆناغەکانی دواتر ئاسان ببێت.

ئەم سیستەمە تازە پێ گرتووە، لە بەر ئینقلابگەلێکی زۆر لە بواری بەرهەمهێنان بەردەوام پێویستی بە ئەپدەیت کردنەوەی سوڵتەی بازاڕیی خۆی بوو، بۆیە ناچار بوو بە گۆڕین و پەرەپێدانی هەمان ئەو پێکهاتانەی کە پێشتر خۆی دروستی کردبوون. جا ئەم پەرەسەندنە چ بە گۆڕینی شێوەی بەکارهێنانیان بوایە چ بە هاوتەریب سازی یان تەنانەت بە تەواوی لە ناوبردنی ئەو پێکهاتە ساختەیە!. وەک نمونە دەرکەوتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ئەحمەدی لاهوری، عەلی محەممەدی باب و سەید حەیدەر حەیدەری کە هاوکات لەگەڵ تەنزیمات واتا دەرکەوتنی (عوسمانی ) و ئەفسانەی دروستکردنی سوپا بۆ هۆزێکی ساختە بە ناوی قاجاڕ، ڕویدا و گۆڕانکاری و دەستکەوتە هەرە گەورە پیشەسازیەکان، وەکوو ڕێگەی ئاسن و مەکینەی هەڵم، خێرایی ڕاگواستنی بێ وەتەنە نا موتەعەللقەکانی بۆ سەرزەمینی کوردان زیاتر کرد. بۆ بونیادنانی شارە چڕکراوە دەیان هەزار نەفەریەکان کە بەدوایدا هێنانی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری خێراتر و ئاسانتر ببێت.

**سەردەمی ئیمپریالیزم؛**

زەرورەتی دروستکردنی بازاڕێکی جیهانی و بەر فراوانکردنی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان بۆ دەربازبوون لە قەیرانی کەڵەکەبوون و زیادەی بەرهەم بە واتای پێکهێنانی "داواکاری کاریگەر" بۆ هێشتنەوەی هەمیشەیی سەرزەمینە غەیری سەرمایەدارییەکان لە بار و دۆخی "کەڵەکە بوونی سەرەتایی" دا بوو. بە زوبانێکی سادەتر دەبوو هەموو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتیی پێش سەرمایەداری لە شوێنەکانی تری جیهان تێک بشکیندرێت.

ئێستا دەکرێ بە ڕوونی تێبگەین کە پێکهاتەی کۆنی بازاڕ کە بریتی بوو لە تۆڕی خاوەن سەرچاوە بەرهەمهێنەکانی بازاڕ، نەزمی کۆیلەسازی سۆفی-دەروێشی و بەڕێوەبەرایەتیی دارولخەلافەیی جودۆکریستیانی لە ژێر کاریگەریی گۆرانکاریی قووڵ و زۆرەملێی هەلومەرجەکانی بواری بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیا و هەروەها پێویستی بەپەلە بۆ چڕکردنەوە بە بەرنامەگەلی یەکدەستساز و سادەساز بنیادنرا و بەڕێوەبرا.

پەرەسەندنی کۆرپۆرەیشنی کە لق و بنکەگەلێ ساز دەکا لە تیاتری پێکەنیناوی دەستوورخوازی و سەروەری یاسا لە بەرامبەر دیسپۆتیزمدا ڕوویدا و پێویست بوو بە خۆجێیی نواندنی خواستی پێشکەوتن لە بۆرژوازیی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی دا دابڕێژرێت کە پێکهاتبوو لە ڕۆشنبیران، بەشێ لە چینی ئایینی ساختەی تازە دەرکەوتوو و کۆمەڵێ لە دەولەکان، سەڵتەنەکان و پاشاکان.

کوردان بۆ تێگەیشتن لەم بابەتانە پێویستە لە پێگەی ئێستایی خۆیان داببڕێن و سەرنج بدەن بەوەی کە گەورەترین بەربەست لەبەردەم مانیفستگەلی مەردمساز گەیاندنی خەڵکە بە ئاستێ لە هەڵچوون کە دەست وابەستەییەکانیان هەڵبگرن و پێ بخەنە مەیدانی ڕاپەڕین، بە زوبانێکی سادەتر ڕانەپەڕین لە بەرامبەر کەمینەیەکی سوڵتەگەری بیانی بەرهەمی هێژمۆنی جیهانی میدیایە بە دروستکردنی وێنەیەکی وەهمی و ناڕاست لە وابەستەییە ئابووری، سۆزداری و کۆمەڵایەتیەکان.

تا ئەو ئاستەی بێ هەمەچیزانێ کە بە مەینەتیەکی زۆر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یان سەرچاوەیەکی داهاتیان دەست کەوتووە بە هیچ پاڵنەرێک و بۆ هیچ ئامانجێک ئامادە نین ئەو پێگەیە بخەنە مەترسی یان لە دەستی بدەن، لە بەر ئەوەی ئارمانج خوازی بە تەنیا توانای ڕێکخستنی خەڵکی نییە بۆ بە خاوەن ئەجێنداکردنیان لە بەرنگاری دەسەڵات، بەڵکو وەها وەرچەرخانێک پێویستی بە ئامراز و کەرەستەگەلی جۆراوجۆری مادییە کە مێگەل بخاتە سەر ئەو ڕێگەیە. ئێستا پرسیار ئەمەیە کام ئامراز و پرۆسەی ئاڵۆز بۆ ناچارکردنی خێڵی فراوانی خەڵکانی دارا بە دەستهەڵگرتن لە داراییەکان و پەیوەندییەکانیان بە کار برا، تا لە خەڵکێکی ئازاد و خاوەن زەوی مێگەلێکی بێ هەمە چیزی لە ئەسڵ کەوتووی سروشتگۆڕدراو دروست بکرێت.

تیۆریی بنیادنانی دەوڵەت-نەتەوە بریتییە لە نەریتگەلی نوێی داهێنراو لە لایەن فەرمانبەرانی نیزامی سوڵتە، سوننەتگەلێک وەک ناسیۆنالیزم (لە سەر بنەمای سەرەکیی زمان و دین)، مێژوو بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی بەردەوامبووی دەوڵەتی، ئایدیاگەلێکی ئینقلابی کە بەرهەمەکەیان مێگەلێکی بێ هەمەچیزە، هەروەها هاتنەئارای پیشەسازییەکانی گواستنەوە و لۆجستیکی و سەربازی بۆ ئینقلابسازی بە پێکهێنانی بەرە لە دژی دەسەڵاتی تاکەکەسی. بۆیە ئیمپراتۆرییە دەریاییەکان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان کە خۆیان لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویی دا دەوڵەت-نەتەوە نەبوون بەم دوو ئامرازە سەرەکیە واتا نەرەتیڤی سۆسیالیستی-کۆمۆنیستی و ناسیۆنالیزمی زبانی-دینی هێرشیان کردە سەر بازاڕە بە ڕواڵەت ئیمپراتۆریەکانی جیهانی غەیری سەرمایەداری و لە ڕێگەی دامەزراوە دەوڵەت-نەتەوەییەکانەوە لە ئینقلابی بەردەوام و بێ پچڕانەوە بۆ بێ هەمەچیزکردنی خەڵکەکانیان، جیهانیان بردە قۆناغێکی تر.

یەکەمین قەیرانە قووڵەکانی بۆرژوازی هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنە خێرا پیشەسازیەکان دەستی پێکرد. چون لە دوای دروستکردنی بازاڕی جیهانی بۆ دەرباز بوون لە قەیرانی بنەڕەتیی کەڵەکەبوون و زیادەی بەرهەم، دەبوو پلانی هێرشێکی بەهێز و بەردەوام بۆ سەر جیهانی غەیری سەرمایەداری دابنێن تا هەل و مەرجی "کەڵەکەبوونی-سەرەتایی" بۆ پێکهێنانی "خواستی کاریگەر" مومکین ببێت. بە هەمیشەیی کردنی قۆناغی کەڵەکەبوونی سەرەتایی کە بە واتای بێ هەمەچیزکردنی بەردەوامی خەڵکانی سەرزەمینەکانی غەیری سەرمایەدارییە، پێویستی بە دامەزراندنی تۆڕێکی پتەوی ئیداری، سیاسی، سەربازی و ئابووری بوو، تا ببێتە هۆی گۆڕانکاری قووڵی پێکهاتەیی-کۆمەڵایەتی.

لەم ڕووەوە هەلومەرجییان بە نمایشگەلی جۆراوجۆر ڕەخساند بۆ دەرکەوتنی بنکەگەلی کۆرپۆرەیشنی لە ژێر ناوی دەوڵەت-نەتەوە. تا بە سیناریۆی ناسیۆنالیزمی ساختە، ئەکتەرە ژانگولێرەکانی دەرهاتوو لە ژوورەکانی فەرامۆشخانە و فریماسۆنی، لە ژێر ناوی ژیانەوە (ڕێنێسانس) ڕەوتی هەنگاوە پێویستەکانی دوایی وەکوو خواستی خۆجێیی بخەنە بەر چاو.

تێگەیشتنی ئەمە کاتێ مومکینە کە هەموو ئەو هۆکارە سیاسی و ئابوورییانەی پێشکەوتنخوازی کە لە ژێر ناوی حکومەتی قانوون خراوەتە بەر باس، بە پێوەری عەقڵ هەڵسەنگێندرێن.

لە دوای جواب کردنی ڕەعیەتەکان لە ساڵی١٨٦١ لە لایەن (ئەلەکساندەری دووهەمی) ڕووسیا و پێکهاتنی یەکەم شەپۆلی بێ هەمەچیزانی ڕووسی، زەرورەتی دروستکردنی حکومەتی قانوون بۆ پارێزگاری لە سەرمایە و خاوەنەکانی لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئەم هێزە و پێکهێنانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و سەندیکاکان لە پێناو ناچارکردنی تزار بۆ دامەزراندنی دووما خرایە بەرنامەی کار.

هەبوونی بۆرژوازیی خاوەن سەرمایەکان و چەرخی بەرهەمهێنان و پەیوەست بوونی بەشێ لە فیوداڵەکان پێیان و هەروەها حەشیمەتی بێ هەمەچیزانی کرێگرتەی شاری ئینقلابی ١٩٠٥ی دەکردە حەتمی و پێناسەی دەکرد. جێگەی پرسیارە لە کوردەواری داگیرکراو لە لایەن کۆرپۆرەیشنی یەهوودی-مەسیحی ئێرانی کام بۆرژوازی خاوەن سەرمایە و چەرخی بەرهەمهێنان، بە ڕێکخستنی کام چینی فەقیر و هەژاری شاری و خێڵی بێ هەمە چیزانی کرێگرتەی کارخانەکان، بۆ پاراستنی خاوەندارێتی و سەرمایەکەیان دەبنە پاساوی دەستوور خوازی لە دژی قاجاریەی ساختەی بێڕیشەی بێ دەسەڵات؟. ئایا بێجگە لە نمایشێکی پێکەنیناوی کۆپی کراو لە ڕووداوەکانی ڕووسیا وەڵامێکی تر یان پاساوێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەیە؟

ئێستا کە بە یارمەتیی عەقڵ ڕاستییەکان دەردەکەون، هاندەری بێدەنگی هەڵبژاردن لە لایەن مێژوونوسان و بە ناو ڕۆشنبیران و ڕۆژهەڵاتناسان و نووسەرانێ کە بە پرۆفیشناڵترین شێوە گوزارشت لە شەوی زاوایەتی کوورش و دیاکۆ ئەکەن، بەڵام دەربارەی گۆڕانکاری هەرە مەزن و بنچینەیی لە جیهان لە چەند سەدەی ڕابردوو کە هەمان بازارڕسازی بێت، بایکۆتێکی قورسی هەر جۆرە پرسیارێکیان کردووە، دەردەکەوێت.

**سەردەمی کۆمیدی؛**

چەمکە ئابستراکتەکانی ئێرانیەت، عێراقیەت، تورکیەیت و سوریەت لە ڕەوتی خۆیاندا بەرەو بە مادیبوون و دەرکەوتن و بوون بە گشتێکی کۆنکرێت لە مرۆڤی ” هەمەڕەنگ لە دەرکەوتەکانیدا“ بەرەو شارۆمەندی و دامەزراوەکان و قانوون و دەوڵەت تێدەپەڕن و لە گشتێکی کۆنکرێت بە ناوی وڵات ڕەنگ دەدەنەوە، ئەم ڕەنگدانەوە بە مۆنۆپۆلی و قۆرخکاری ڕەهای ئاڵوگۆڕ و پارە بەردەوام دەبێت. کەواتە لە ڕوانگەی ئەم ئایدیۆلۆژیانەوە کە مرۆڤەکان یەکسان دەکەن لە ڕەعیەتی و ئینقیاد دا هیچ جیاوازیەکی نییە کە چۆن خۆمان داوە بە دست ئەم ملکەچیەوە. جا چ بە تۆقاندن و کوشتن بووبێت چ بە ڕازیبوون یان بە نابەدڵی و سووکایەتی.

بۆ تێگەیشتن لە وڵات وەک گشتێکی کۆنکریت دەبێ لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕ تێبگەین. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا تەنیا پردی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان پووڵە. یەکسانی لە ڕەعیەتی و گوێڕایەڵی دایە.! ئەمە گومانی گشتییە، بۆیە بنەمای مانەوە و بەقای نیزامی سوڵتە لە ڕێگەی دەست و پێوەندەکانیەوە، پێکهێنانی وەهمی سەروەریە لەو پەڕی کۆیلەییدا و لە هەمان کات دروست کردنی خواستی بەرزکردنەوەی دەرەجەی ئەم کویلەییەیە بۆ گەییشتن بە سەروەریە وەهمیەکە. بۆیە بە بەرەی جەنگێ کە لە نێوان دوو سەنگەری بە بنەڕەت کۆیلە دروستیکردووە بەردەوامی و مانەوەی خۆی گەرەنتی دەکات. لە چوارچێوەی خەباتی ساختە و پڕ تێچووی سەنگەری ژێردەست لە لایەک و لە لایەکی تر خێر پێ کردن و بەزەیی و تەنانەت سەرکوتکاری سەنگەری سەردەست.

گشتگەلی ئابستراکتی میللەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا، سووریا و بەشێ لەم گشتانە کە قەومگەلی خۆ بە سەرترزانی وەهمیی فارس و تورک و عەرەبن، لە لغاودان و کۆنترۆلیان لە ڕەعیەتی و کۆیلەیی ڕەها دا مومکین نیە مەگەر بە بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ گشتێکی کوردی بە قەوم کراو کە بە تێچوویەکی زۆرەوە لە هەوڵی گەیشتن بەو پێگە ڕەعیەتییەی ئەواندایە. گشتگەلی ڕەعیەت کە خۆیان بەرهەمی نیزامی سوڵتەن، هەستی ڕازیبوون و ئاسوودەی خۆیان لە هەوڵی پڕ تێچووی کوردی بە ئێتنیک کراو دەگرن بۆ گەیشتن بە یەکسانی لەگەڵیان، هەڵبەت یەکسانی لە کۆیلەیی دا.

هێشتنەوە و کۆنترۆلکردنی زۆرینەیەکی لە کۆیلەیی دەستەمۆکراو لە ئینقیاد دا، بە بەراوردکردنیان بە کەمینەیەک مومکینە،کە خراوەتە ژیانی ڕووتی ئاژەڵی و دۆخی هەڵپەسێردراوەیی یاسایی کە بۆ یەکسانبوون لەگەڵ ئەوان لە دەستەمۆیی و بەندەیی، بەهایەکی زۆری بەخشیوە.
چون ئەو ئیتنیکانەی لە وەهمی سەروەریدان قەت سەروەریی ڕاستەقینە ناناسن و لە سەرهەڵدان دژی سیستەم تێناگەن، ئەم تێنەگەشتنەیان ئەبەدی دەبێتەوە لە هەوڵ و تەقەلاکانی ئیتنیکێ کە خراوەتە دەرەوەی یاسا، بۆ بە یەکسانبوون لەگەڵ ئەوان لە کۆیلەیی دا.

بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی ئێمە لە سەر دۆخی ئێستایی، هەموو سەرزەمینی کوردان کە لە سەر ئاستی جیهانی وەک بەشێک لە جیهانی سێیەم دەناسرێت. لەم ڕووەوە لە بەرامبەر پێگەی مرۆڤێکی کۆیلەی ئەورووپی و ئەمریکی هەست بە نایەکسانیی دەکات.

بەم شێوە بەشەری هەتا هەتایی بە کۆیلە بووی ڕۆژئاوایی لە بەراوردکردنی خۆی بە نموونەیەکی جیهانی سێیەمی کە هەوڵێکی بێ دەرەنجام دەدا خۆی تا ئاستی عەبدایەتیی ئەوان هەڵکێشێت لە چەقبەستوویی خۆی لە چینە کۆمەڵایەتییەکەی لە کۆمەلگەی ئەوروپی هەست بە ڕازیبوون و ئاسوودەیی و سەرتربوون دەکا و بە بەشداری لە ئەکتێکی خێرخوازی و بەخشینی دوو دۆلار بۆ کڕینی بزنێک کە ژیانی مرۆڤێکی ئەفریقی ژێر و ژوور دەکا، ئەم هەستەی خۆی دەردەبڕێ.

ئاوا بە ئەبەدیبوون لە عەبدایەتی فۆرمووله دەکرێ و دادەڕژێت، لەناتوانی مرۆڤ لە پێناسەکردن و بە فەرمیناسینی خۆی بەبێ هیچ نێوەندێک، لەوەی کە هەموو ئەگەرەکانی وەدیهاتن دەسپێرێتە دەوڵەت. ئەمە بە واتای مەرگی فەردییەت و تاکایەتی و جێگیربوونە لە فۆرمی کۆنکرێتی کۆمەلگەی مەدەنی وەکو شارۆمەندئامراز کە پێشتر هەموو ئەگەرەکانی بەدیهێنانی توانا ئینسانییەکانی خۆی بە دەوڵەت دۆڕاندووە و سپاردوێتیە دەستی. ئێستاش مەرجی مانەوە و بەقای خۆی لە بەکارهێنانی ترسنۆکانەی ئەوانیتری وەک خۆی دەبینێتەوە.

**دەورانی ئاخێزیان؛**

لەم دەورانە دا ئینسانی کورد تێگەییشت کە سەندنەوی ڕۆحی فاوست لە شەیتان بەلارێدا چوونە، چون فاوست خودی شەیتانە!. ئەم تێگەییشتنە لە دوای هەوڵێکی بەردوام لە یاخیبوون و کریتیکی هەڵتەکێنەر و بێڕەحمانە بەرهەمهات تا ئینسانی کورد بگەیەنێتە هەژموونی ئەخلاق و سیاسیی ئاخرین شۆڕش.

لە دوای بەردەوامی سوڵتە بۆ لە ناو بردنی تەنیا ئیماژی بەدیلی خۆی و سڕینەوەی جیهانی کوردی وەکوو تاقانە شارستانیەتێکی مێژوو کە لە سەر بنەمای ئازادی و ئیختیار و سەروەری بنیادنراوە و تەنیا میراتی مادی و مەعنەوی مرۆڤایەتییە بۆ ئازادبوون لە کۆیلەیی و کۆت و بەندی سوڵتە، ئینسانی کورد لە دڵی مەینەتی و ڕەنجە مێژووییەکانی خۆی بەرز بووەوە و لە قووڵایی زامەکانیەوە ڕاپەڕی. ئەو مەشرووعیەت و ڕەوایەتیی شۆڕشی ئاخێزی جیهانیی خۆی بە تەنیا لە سوڵتەشکێنی خۆی وەردەگرێت.

نەزمی کۆیلەداری و فیوداڵی ئەورووپی کە نە قەست و نە توانای بە جیهانیبوونی بوو دوژمنی ئینسانی کورد نییە، بەڵکوو سوڵتەی ماڵی و مەسرەفییە کە وەکوو شێرپەنجە تەشەنەی سەندوەو و جیهانی تەنیوەتەوە، هەر بۆیە ئەو ملکەچی بەدواداچوونی ئەو خواستە سەخیف و لاوەکییانە نابێت کە بۆی دانراوە.

ئینسانی کورد دەلالەت لە ڕۆحی تەواوی ئەو خەڵکە بزرکراو و بێ ناو کراوانەی جیهان دەکات کە بە درێژایی مێژوو ئیمپراتۆریە گەورەکانیان هەڵتەکاند، بۆیە لە تەنیایی ئەو "نەخۆشینەی بەرهەمی ژیان لە ژێر کۆتی سوڵتەی ئینقیادە" ناترسێ و لە ئەکتی سوڵتە قەبووڵنەکردن و ژێر بارنەچووندا خۆی وەکوو نوێنەری گشت پیشان دەدات.

بیرەوەرییە ڕەسەنەکانی سەروەریی تاک لە ئینسانی کورد و دەرکەوتن و دەربڕینی ئەم سەروەریە لە گشتێکی تەمەددونیی دەوڵەمەند، ئەو لە ئەورووپییەکان جیاواز دەکات، هەمان ئەوانەی وا لە نیوەڕێی خەبات بە وەهمێ لە سەروەری هەڵفریواند و لە پێ کەوتن. بۆیە بە بەر چاو خستنی ئەم بیرەوەرییە، شۆڕشگێڕانی جیهانی کە لە مەکتەبە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا هیوا بڕاوبوون لە ناو جەرگەی هەموو مێترۆپۆلە ئۆردوگاییەکانەوە بەرەوە سەرزەمینی ئازادی کوردان ڕەوانە دەبن.

ئینسانی کورد نە موسلحە نە فریشتەیە نە فریادڕەسی ئاخرزەمانە, بەڵکوو ئینسانی کورد ڕەنگدانەوەی ئەرکە لە بەرنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی جیهان، تا لەو پەڕی بێ ئومێدی و نوقمبوون لە حەزی مەسرەف و چێژی ڕابواردن و سەرگەرمی، هونەرمەندانە خواست و ئیرادە و کردەوەی بەکاربهێنێت بۆ بەدیهێنانی فۆرمێکی تر لە ژیان و ژیاندنەوەی ژینی سەروەرانەی مێژوویی خۆی.

کورد بوون تەواوەتی سەروەری و ئازادی و ئیختیارە و لە بەرنگاری و دژایەتیدایە لەگەڵ تەواوەتی سوڵتەی ئنقیادگەر، لەم ڕووەوە لە ناوچوون و توانەوەی یەکیان لەوی تر دا حەتمییە و دەربازبوون لێی مەحاڵە.

بۆیە ئینسانی کورد ناچارە بە لە ناو بردنی تەواوەتی کۆمپانیا ماسک دەوڵەتیەکان و بەتاڵکردنەوەی هەموو قۆرخکارییەکانی بواری ئابووری و دەسەڵات و هەروەها هەڵکەندنی بنەڕەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیە کۆیلەسازەکانی داسەپاوی سوڵتەی جیهانیی. ئەو هێزی جووڵێنەر و پاڵنەری هەموو ئەو بزووتنەوانەیە کە خوازیاری پچڕاندنی پەیوەندییە کۆیلەسازەکانی سوڵتەی ئینقیادگەری جیهانین و یاوەری هەموو ئازادیارانی جیهانە.

ئاخێزی سەروەری تەوەری کوردان بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی، بە دور لە کردەوەی شاراوە و ژێرزەمینی هەموو "ئەگەرەکانی ئینسانی" بەرەو ئەم "ڕێبازی بەدیهاتنە" بانگهێشت دەکات.

**هەرکەس کەردەش کەرد، چەنەش نەناڵا**

**شی نە مەراتب مەرتەبەی باڵا**

# Axêznamey Kurdan

# ئاخێزنامەی کوردان